# که بە پسوولەکانتان کەرکوک بفرۆشن
# چۆن دەتوانن بەڕیفراندۆم بیگەڕێننەوە سەر کوردستان

**مەجید دڵنیا**

دەمێکە دوژمنانی کورد سایکۆلۆجیەتی کوردیان خوێندووەتەوە.باش لەوە گەیشتوون کە ،کورد بە پارە ئامادەیە،هەموو شتێک بکات. ئەو بەسەرهاتە باوەی کە،کابرایەکی ئینگلیز ، لای شوانێکی کورد چۆن بە پارە ،وا لە شوانە دەکات نەک هەر سەگە بەوەفاکەی خۆی سەرببڕێت،بەڵکو دواتر ، بەزەبری پارە و تەماح پارچە پارچەشی بکات وجگەرەکەشی سووربکاتەوەو بیخوات.ئەمە نیشانەی ئەوەیە ،کە کورد بۆ پارە ئامادەیە گەورەترین خیانەت بکات و پیرۆزترین شتی خۆی، کە نیشتیمانەکەیەتی بیفرۆشێت.مێژووش ئەمەی سەلماندووە.

زۆرجار لەمێژووی پڕ هەڵەتی کوردد،چەندین پیاوی ئازا،بە خیانەت و بۆ پارە لە خوێنی خۆیاندا گەوزێنران یاسەرکردەی ڕاپەڕینێک بە خیانەت ،بۆ ئافەرینێک و چەند پارووەیەکی چەور،برانە بەردەم دوژمنان.

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان،بە ناوی ئاوەدانکردنەوەوە،پارە هەڵڕشتنێکی سەیرە!ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع بەدەی دەکرێ،هیچ نییە لەچاو ئەو پارەیەی باسی لێوەدەکرێ.دیارە گەندەڵی و لێنەپرسینەوە و دزی و فڕکان فڕکانی ئەم پرۆژە و ئەو پرۆژەو ئەم لافاوی دۆلارە، لای لێپرسراوەکانی دەسەڵات،ئاماژەی ئەوهەموو بێسەرەو بەرەییەی، ئەمرۆیە لە باشووری کوردستاندا، برەوی هەیە.

من ئەو هەموو پارە هەڵڕشتنەو دزی و لێنەپرسینەوەیەش، بە تاکتیکێکی تری دوژمنان دەزانم،تا لەو ڕێیەوە ویژدانی تاکی کورد واسڕبکرێت،بەجۆرێک بیر لەپارە نەبێت ،بیر لەهیچیتر نەکاتەوە،کاتێکیش بە خۆمان دەزانین،دەستمان لەبنی هەمانەکەوە دەرچووە.ئەمە ئاماژەیەکی ترسناکەو ئێستا، لە کوردستاندا سەرەداوەکانی بەو ئاقارەدا دەڕوات.

لەئێستادا،کەرکوک گەرمترین و هەستیارترین مەسەلە گرینگەکانی لایەنە سیاسیەکانە.سەرانی کورد،کە شەووڕۆژ قسە لەسەر کەرکوک وپیادەکردنی مادەی 58دەکەن.لەولاوە هەربە خۆیان،بەدوو ئیدارە،بە حیزب حیزبێنەوبەو بەدوو جۆر پیرۆی خوێندن" وبۆ کەسبی حیزبیش بە(عدم تعرظ)بۆ ئەم عەشرەت وئەو سەرەک قەبیلە،هێندەیتر جەستەی شاری کەرکوکیان داڕزاندووە وسەریان لە خەڵکی کەرکویش شێواندووە.

لە کاتێکدا، ئێوە سکاڵا لە جەعفەری دەکەن، کەبۆ ئاساییکردنەوەی کەرکوک هیچی نەکردووە.کەچی ئەوەتا بەپێی ڕۆژنامەکانی خۆتان بە پسوولەی حکومەتەکانتان"،دووبارە عەرەب دەگەڕێنەوە کەرکوک.باشە دەپرسین، گەر کوردێک لە بەغداوە بگەرێتەوە بۆ کەرکوک یاهەرشارێکیتری کوردستان (عدم تعرظ)ی بۆ چییە?.یا ئەم ماستە بێ موونییە! کە خەڵکانی ڕۆشنبیرو ناڕازی بەو واقیعەی کوردستان،بە گومانن لە کاروکردەوەکانی لێپرسراوان ودەسەڵاتداران.بە بەکرێ گیراوی دوژمنان ، گێرەشێوێن ، تابووری پێنج ،هەزار ناوونـاتۆرەیتر تاوانبار دەکرێین!ئاخر ناحەقمانە بە گومان بین!کە عەرەب بە پسوولەکانی ئێوە دەگەڕێنەوە کەرکوک ،کەواتە بە ناڕاستەوخۆ بە پسوولەکانتان کەرکوک دەفرۆشن!?کەوایە ڕیفراندۆم بۆچی دەکەن ، ڕیفراندۆم چاری چی دەکات?.

لێرە حەقە بپرسین ئەرێ خەڵکینە کێ خائینە،خەڵکێکی کەرکوکی، کە لە شارەکەی خۆیدا ئاوارەیە یا ئەو سەرچاوانەی (عدم تعرظ)یان لێوە دەکرێ وئەو کەسانەی دەیفرۆشن و کەس لێیان ناپرسێتەوە!?.

ئاخر کەرکوکێک بە پسوولەکانی ئێوە بفرۆشرێت،چۆن دەتوانن بە ڕیفراندۆم بیگەڕێننەوە سەر کوردستان?.

---


بڕوانە:

1- ڕۆژنامەی هەواڵ،ژمارە152ی ڕۆژی 8-10-2005

2-ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە631ی ڕۆژی 26-9-2005

www.ktp.nu/ala/631.htm

www.hewal.org/n152.HTM